# دیوانی ”زەنگوڵی وتن“ ی نەزەند بەگیخانی و خوێندنەوەیەک

**نووسینی رەخنەگری شیعریی بەریتانی لینێت کرەیگ**
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئامانج حەمە**

”زەنگوڵی وتن“ یەکەمین دیوانی ئینگلیزیی نەزەند بەگیخانیە کە لە لایەن دەزگای Ambit ەوە لە چوارچێوەی زنجیرە کتێبێک بەناوی “ئێرە لە شوێنێکی دیکەوە” چاپ کراوە. ئەم دیوانە بە پوختی کۆمەڵێ تێمی تایبەت بە نەزەند بەگیخانی دەگرێتە خۆی. ئەمانە شیعری مەنفان و ئەوە دەردەخەن کە شاعیرانی مەنفا چەند کاریگەرییان لەسەر ئەدەبیاتی ئینگلیزی هەیە. زەنگوڵەکانی نەزەند لەنێوان کۆمەڵێ کولتور دەزرنگێنەوە.

نەزەند بەگیخانی لە کوردستان لە دایکبووە و لە دانمارک و فەرەنسا و بەریتانیا ژیاوە. ئەگەر ئەمە یەکەمین دیوانی نەزەند بێت بە ئینگلیزی، شیعرەکانی ئەو پێشتر لە فەرەنسا و کوردستان چاپکراون و ئەمە یەکەمین گەشتی نەزەندیش نیە بەناو زمانێکی بێگانەدا، چونکە ئەو کەسێکی ئەکادیمی و زمانزانێکی بەهرەمەندە.

لەناو هەرەمی ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا، تی س ئێلیەت کاریگەرییەکی دیاری بەسەر نەزەندەوە هەیە و خۆیشی دانی پێدادەنێت. لە شیعری”بێدەنگی لە گوێمدا“ کە بە کاریگەریی ”چوارشەممە خۆڵەمێش“ ی ئێلیەت نووسیویەتی، نەزەند وەڵامی ئایدیای ئێلیەت دەداتەوە بە وەرگرتنی مەسافە لەگەڵ هەست کە ئەو لەشێوەی “من نامەوێ جارێکی دیکە بسوڕێمەوە” دەریبڕیوە، نەزەند دەڵێت:

چیتر
چیتر جوانی ساتەکانی رامناگرن

بەڵام نەزەند بەردەوام دەبێت و دەچێتە ناو وەسفی “منداڵێکی زیتەڵ لەسەر گۆنای بەفر و کچێکی تیشکرەنگ” کە لەوانەیە جارانی خۆی بێت. ئەو هەستە تەنها بە ناڵانەوە بۆ ئەو رابردووە سارێژ ناکات، بەڵکو بە هیوایەک کە رابردوو لەگەڵ ئێستا ئاشت دەکاتەوە.

کاریگەریی تەکنیکی ئێلیەت لە سەر شیعری دیکەی نەزەندا لە شیعری “ئێوارەی لواغ” و لە دووبارەکردنەوەی دێری “ئەمە زەمەنێکی وشکە” هەستی پێدەکرێ؛ تەکنیکێک کە وادەکات دێرێک چەند چینێک لە مانا بگرێتەخۆی. لە شیعری “دوعاکانی دایکم” دا نەزەند باس لە تالێهاتنی باخچە دەکات، ئەو باخچەیە لە راستیدا باخچەی حەقیقی دایکیەتی، بەڵام لەرووی سیمبۆلیەوە دوورنیە لە باخچە سیمبۆلیەکەی ئێلیەت لە “نۆرتنی گڕگرتوودا”.

لە شیعرەکانی نەزەندا سەدای ویلیەم بلەیک یش دەبیسترێ، بەتایبەتی ئەو وزوحی و سادەییە نائومێدکەرەی بلەیک لە وەسفی دەردەکانی جیهان دەریدەبڕێ. لە شیعری دیواردا، دێرەکانی وەکو “رۆژێک لە خەوێکی قووڵ بێداربوومەوە” کە “دیوارێکی رووت” لە یەک کاتدا دەبێتە دیوارێکی حەقیقی و دیوارێکی مێتافۆری و شاعیر لە برا جوانەمەرگەکانی جیادەکاتەوە هاوتا لەگەل جیاکردنەوەی ئازادیی خۆی لە راوەدوونان و چەوسانەوە. هەروەها دووپاتکردنەوەی “من

تیشکم ...تیشکتانم" لە پەخشانە شیعری "گۆرانیەک بۆ هۆزەکەم" دا، ریتمی نوێژەکانی ئینجیلی ئینگلیزیمان دێنێتەوە یادە.

کاریگەری زۆر نووسەر و زمانی دیکەی بێگانە لە شیعرەکانی نەزەندا هەستی پێدەکرێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە نەزەند خاوەنی دەنگی خۆی نەبێت. نەزەند زۆر بەدڵنیاییەوە خاوەنی دەنگی خۆیەتی: دەنگێکی لیریکی و رۆحانی.

لە شیعری "ئەوێ من ئێرە" دا نەزەند باس لە رابردووی خۆی دەکات:

رابردووم لە رۆژهەڵات خوداوەند بوو

ئیستای شاعیر، لە زمانێکی پەخشانئامێزدا لە پاریس لە قاوەخانەی لۆ گراند کلونی دانیشتووە و داهاتووشی "لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا خەوتووە" و "خەون بە هەردووکیانەوە دەبینێ".

لە شیعری "پرسیار" نەزەند وێنەیەکی تێکچڕژاومان پێشکەش دەکات چەشنی ئەو پەلکە حاجیلانەی کە لێیاندەکاتەوە و دەڵێ:

ئاخۆ دەبێ بگەڕێمەوە... دەبێ بگەڕێمەوە... دەبێ بگەڕێمەوە

ئەو وێنە شیعرییەی ئەو لێرە بەکاریدەهێنێ نەک هەر زۆر ئینگلیزییانەیە، بەڵکو خوێنەر زیاتر ئامادە دەکات بۆ هاتنەناو ئەزموونی تایبەتی خۆی. بە هەمان شێوە، وەسفی ژیانی دایکی کە "لە نێوان پەنجەکانی پیاوێک چەشنی گەڵای تووتن دڕاو و سووتێنراوە" شیعرەکە لەناو واقیعێک رەگاژوو دەکات کە خوێنەر دەباتە ناوخۆی.

یەکێ لە شیعرە هەرە نایابەکانی ئەم دیوانە، شیعری "سترانی ژنێکی سەربڕاو" ە کە پێشکەشی کردووە بەو ژنانەی بە بەهانەی شەرەفەوە کوژراون. نەزەند کەمپەین دەکات دژی ئەو تاوانە نامرۆڤایەتیە و بۆ مافی مرۆڤیی ژن. ئەم شیعرە نەک تەنها وەکو تێم بوێرانەیە، بەڵکو وەکو ئاواز و مۆسیقاش تەحەدداکەرە و خودی خوێنەر راستەوخۆ دەباتە ناو بابەتەکە:

هێی، هێی، هێی، هێ
سەرگوزەشتەی من دەشێ سەرگوزەشتەی تۆش بێ

شیعرێکی دیکەی دیوانەکە کە تەحەددای خوێنەر دەکات شیعری "خودا لەلای دایکم نەمردووە"؛ دوا دێرەکانی ئەم شیعرە بەشێوەیەکی ناوازە ئیدیۆمی ئینگلیزی و گوزارەی لیریکی تێکەڵکێش دەکات:

کە تۆ بتوانی
باڵی سپی منداڵە جوانەمەرگەکانت ببینی
لەناو پیرۆزەیی ئاسمان
لەسەر رێگای نوور دەفڕن
هەرگیز ناتەوێ خودا بمرێت

**خودا لە لای دایکم نەمردووە**

**ئەم شیعرانە کە تایبەتن بە مەنفا، بە ژیانی خێزانەکەی، بە هەوڵی خۆی بۆ رزگاربوون لە ئازاری مەرگ و چەوسانەوە شایانی خوێندنەوەیەکی وردبینانەن. لەم دیوانەدا تێکچڕژانێکی داهێنەرانە هەیە لە نێوان هەستە گەردوونیەکانی وەکو مەرگ و ئازاری وجودی هاوتا لەگەڵ ئەزموونی تایبەتیی شاعیر لە ئەنجامی مەرگی براکانی و بینینی ئازارەکانی دایکی، تێکچڕژان لە نێوان دەوڵەمەندیی سامانی کولتوریی نەزەند و دەربڕینی ئەو سامانە بە ئینگلیزی. ئەم شیعرانە تەجاوزی رق و ئازارەکانی مەنفا دەکەن و هەر هەموومان کۆدەکەنەوە.**

**لینێت کرەیگ**

**سەرچاوە: گۆڤاری** Exiled Ink! Summer 2007, London, P 40.